# بۆ ...

بۆكان عەبدوڵلا

عيسا تەنها عيسايەك بوو
كەچی ئەمان هەموو عيسا
و بێ حەواری
يەك كەس نی یە (١٨٢) هەزار كەسە
لە يەك قەفەسا
خۆرەكە ........
هەموو ڕق و كينەی ئەڕشت بەسەريانە
سێبەر
سێبەری دارە خورمايە
دار خورماكەش بەری قەت نايە
ئاو
ميزی حوشترە
داديش لە ناو قەبرايە
لەگەڵ يەكەم وەجبەی ئەنفال دايە \
لە يەك قەفەس
سەقفی ماڵی خودايە
هەواكەی موڵكی خودايە
(ئەنفال) يش خۆ قسەی خودايە
زۆر سەيرە
كورديش بەندەی خودايە
داستانی وا هەيە لە نێوان گورگ و مەڕدا
ئاو و بەردا
خودا و بەندە
لەناو كام قاموسدا
هەر ئيمە بووين پێوەری غينس مان شكان
بە ژمارەی پەپولەكانی نوگرە سەلمان
لە يادی كێن
ئەنفال بوو بە هەبوو نەبوو
ناو زۆرە من نازانم ........... ؟
ئەوانەی گەرميان دەزانن ..........
كە تائێستا ئەنفال باسە
بۆ باسيش ئەنفال بەسە

كوردستان نێت www.kurdistannet.org

چەند کەس بوون

چەند کچی جوان

چەند کوڕی شوان

و چیرۆکی عیشق لە نیوانیان

بۆنی گوڵ و سوێند ........ و پەیمان

ئازاری ئەنفال

بریتی بو لە

خوری جەهەنەمی عەرعەر

پاڵەوانیش

سەگیگی ڕەش ناوی عەنتەر

زوندوی ئەخوارد لەگەڵ مردوو

عەفلەقی بوو تا سەر ئیسك

بە ناو سنگی کچان دەگەڕا

بە دوای میخەك

بە دوای گوڵ و قسەی عیشق

ئەو ئازارە

بەدەستی فیرعەون نەیبینی ..............

موسا

ئەو صەلیبە تانکیك بوو

قەیصەر نەیدا بە سەر.......................

عیسا

کەس وەکو من شەهید نەبوو .........

بەزووندویەتی

هەتا ئیستا

---

ئەنفال

ئەنفالی خۆمانە

چۆن هەڵەبجە

هەڵەبجەی خۆمانە

چۆن

خوێن خوێنی خۆمانە

چۆن

سوپای خۆیانە

چۆن فەتوا



کوردستان نێت www.kurdistannet.org

**بەدەستی ئەوانە**

**چۆن ترسنۆکی .........**

**پیشەیانە**

bokan1978@maktoob.com

**تێبینی کوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نوسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بروا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ رێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم رێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.........  ١٥-١-٢٠٠٣

www.kurdistannet.org کوردستان نێت